# دوولەتبوون

شوان تۆفیق
(ڕانیە)

ئێمە دوو گوڵی تەزیوی بەر باران بووین،
چوار دەست و چوار چاو و چوار ئەژنۆمان هەبوو
بەڵام گوللەیەک، «کە ناوی دووری بوو»
بەیەک جار بەر سینگی هەردووکمان کەوت و
دڵی هەردووکمانی سمی.
ئێمە یەک پشتمان هەبوو، «ناوی ئەوین بوو»،
دوا جار کە دەنگێکی ترسناکی لێوەهات و شکا،
سەرەتای هاوین بوو
باڵندەکان بە ئاسمانەوە دەبرژان،
فرمێسکی چاوی دۆستەکانمان خەریک بوو
دەبوون بە هەڵم..
چونکە ئاسمانمان نەبوو، شەوێک بە مەراقی
خەوی سەربانی لادێیەکی دوورەوە،
مردین..
چونکە کفنمان نەبوو،
دایکمان شەرمی دەکرد ڕۆژانی هەینی
شیوەنێکی بەکوڵمان بۆ بگێڕێت.
چونکە باخچەمان نەبوو، گوڵەکانمان بە ئینجانەوە
بەسەر ماڵە هەژارەکاندا دابەشکرد
چونکە پەنجەرەمان نەبوو، مانگمان لەودیوی
باڵەخانە بەرزەکانی شارەوە لێ بەجێ ما..
دەریا دوور بوو، کەشتی دوورتر
باخچە دووربوو، مەرگ نزیکتر..
لوورەی گورگ و چەقەڵ نەیهێشت هاوارمان بگاتە
گوێی پاسەوانەکانی سەر سنوور،
بۆ قومێک ئاو لە بەر دەرگەی ماڵی مێروولەیەکدا
ماینەوە..
بۆ لەتێک نان، لە دەرگەی ماڵی قەرەجێکمان دا
بۆ نەختێک سێبەر، لقی هەزاران درەختمان ماچکرد.
بۆ تۆزێک پیاسە، لە زستان پاڕاینەوە؛
ئەم تۆفانە ڕەزاقورسە بوەستێنێ..
من و تۆ کە بە دەنگی بلبلێک بریندارببووین،



کەس لێرە نەبوو، بە ئاوازی گۆرانییەک
تیمارمان بکات..
سەربازێک لێرە نەبوو ئاڵاکەی دەستی بخاتە سەر برینەکانمان
باخەوانێک لێرە نەبوو لە تەنیشتی چڵێک ڕەیحانەی
بۆنخۆشەوە بە خاکمان بسپێرێ.
بیرمە یەکەم جار خۆشم ویستی،
دەنگتم لەناو ئاوازی بلوێری شوانێکدا
ماچکرد،
بیرمە یەکەم جار دڵم بۆت تەنگبوو،
خۆر بە ئاسمانی شارەوە بووبوو بە پرتەقاڵێکی بچووک..
بیرمە یەکەم جار دەستم گرتی، دڵمان نەهات
پەپوولەیەکی بریندار
بەسەر گوڵێکی تەنیای ناو مەزرا دوورەکانەوە جێ بهێڵین
دڵمان نەهات بەدیار تەرمی ئاسکێکی شەرمنەوە
بوەستین و نەگرین
دڵت نەهات، شەو بێدار بکەیتەوە،
دڵم نەهات بە قووڵی هەناسە بدەم،
نەبادا بۆنی عەتری دەستەکانت بڕژێتە ناو هەناسەی
باوە،
دڵت نەهات، دەرگەی ژوورەکان دابخەی
نەبادا چۆلەکەیەک لە کۆڵان بەتەنیا بمێنێتەوە
کەچی دوای ساڵانێک ئەوەی کە تەنیا مایەوە، ئێمە
بووین.
وەکوو ئەوەی کۆڵبەرێک بەسەر بەفردا بخلیسکێ،
بەسەر ئازاردا خلیسکاین،
ئەژنۆی ئومێدمان بریندارببوو..
وەکوو دوو ئەسپی شەکەت، ڕێگەی لادێکانمان نەدۆزییەوە،
چاوشارکێ و بەرائەتی منداڵیمان نەدۆزییەوە،
بەتەنیشتی یەکتریدا تێپەڕین
چەترێکمان نەبوو لە باران بمانپارێزێ
چرایەک دەستی نەگرتین، بۆ دۆزینەوەی
ماڵێکی ڕووناک..
لەبەردەمی ئاوێنەکاندا بووین بە فرمێسکی یەکتر
بەسەر شانی چەپما ڕژایت،
بەناو قژی خاوتا ڕژام..
وەکوو ئەوەی سێبەرەکەم درۆی لەگەڵ کردبم؛
دەمگوت: ناڕۆی

دەتگوت: ناڕۆم،
لەژێر درەختی یادگارییەکتا پرچم سپی دەکەم
دەمگوت: بەدیار باوەشی بەتاڵی خۆمەوە دادەنیشم و
بیر لە دەنگی هەناسەت دەکەمەوە
دەتگوت: لەژێر دارسێوێکی حەوشەی ماڵێکی کۆندا
دادەنیشم و شیری خۆم دەدەم بەو پشیلانەی
چاوەکانیان لە چاوی تۆ بچێت..
خوێنی خۆم دەدەم بە کۆترێکی بریندار
کە ئێوارانێک تۆی لەناو پاسێکی شیندا، بینیبێت
دەمگوت: بۆ ئەوەی ڕەنگەکانی جوانیتم
بیر نەچێتەوە،
بۆ حورمەتی ئەو ڕۆژانەی لە قووڵایی دڵتەوە بانگت
دەکردم،
نوقڵ دەدەم بە مناڵەکانی کۆڵان،
گەنم ڕۆدەکەم بۆ باڵندەکان.
دەتگوت پەنجەرە دەکەم بەشاهێد
کە لێرە نەبووی نازی وێنەیەکی بریندارت
لە چاوەکانما هەڵبگرم
کە لێرە نەبووی
لە تەنیشتی یەکێک لە گۆرانییەکانی جارانی تۆوە
دابنیشم و
لە بێدەنگی ئەستێرەیەکی دوور بڕوانم
بە بێدەنگی ماچم بکە لەناو وێنەیەکی
ڕەشوسپیی کۆندا،
وێنەکان زمانیان نییە کاتێک لەبیرکران
وەکوو مرۆڤەکان پڕ بە گەروویان هاواربکەن..
لەسەر تەرمی شەهیدەکانی نیشتمان دادەنیشم و
بەدەنگی بەرز بۆ تۆ دەگریم..
لە قووڵایی زستاندا، کاتێک دەستەکانی تۆ
نەیانتوانی فریای تەنیایی من بکەون،
بووم بە بەلەمێکی شکاو،
سینگم کون بوو، ئاو، نا..
لەو دیوی بێدەنگی تۆوە، هەناوم پڕبوو لە فرمێسک..
ئاهـ مەگەر ئاسمان بزانێت چەند بەسەختی تێپەڕی،
دەرهێنانی ئەو لەتە شووشانەی
لەدوای خۆت لەناو هەناومدا جێت هێشتن.